
# تامی ژیان لە هەنار و سێو و گەراز دایە

## بەدواداچوونێکی رۆژنامەوانییە لەسەر بەرهەمە خۆماڵیەکان لە شەقڵاوە



ریپۆرتاژ: دڵشاد کاوانی
Dkawaniy1@yahoo.com

"تەمەرهندیی شەقڵاوەو سرکەی هەنارەکانی هیران و نازەنین نەخۆیت تامی ژیان ناکەیت"ئەمە وتەی مامۆستا عیمادی تەمەن ٤٥ ساڵان بوو، کە بە سەردان لە هەولێرەوە رووی لە شەقڵاوە کردبوو، بە مەبەستی کرینی چەند شووشەیەکی سرکەی هەنارو تەمەرهندی شەقڵاوە، مامۆستا عیماد یەکێکە لە خوازیارانی بەرهەمە خۆکردیەکانی شەقڵاوە، بۆیە هەموو رۆژانی هەینی بۆ کرینی بەروبوومە خۆماڵیەکان دێتە ئەو ناوچەیە، دەڵێ:" کەسێك نیە کاتێ بە شەقڵاوەدا تێپەرێت یاخود سەردانی ئەو شارۆچکەیەیی کردبێت، شوشەیەکی سرکەی هەنارو تەمەرهندی شەقڵاوەی نەکریبێت"

شەقڵاوە جگە لە هەڵکەوتی جوگرافیی و ئاوو هەوا ناسکەکەیەوە، خاوەنی چەندین باخ و چەم و بێستانە، کە جۆرەها بەروبوومی وەك هەنارو سێو گەرازو قەیسیی و گوێزو تووشامی هەیە، بەمەش توانیویانە چەندین بەرهەمی تایبەتی و خۆماڵی دەگمەن بەدەستە رەنگینەکانی خۆیان لە وەرزی هاوین و بەهاردا دروست بکەن، لە هەردوو وەرزی زستان و پایزدا بە گەشتیاران و خەڵکی ناوچەکەی بفرۆشنەوە.

نەوزاد حوسێن لەو گەشتیارانەیە، کە ساڵانە چەند جارێك سەردانی شەقڵاوە دەکات، پێی وایە شەقڵاوە بە بەرهەمە خۆماڵیەکانی ناوبانگێکی باشی دەرکردووە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە شەقڵاوە لە شارەکانی تر جیا بکرێتەوە، جگە لە(مەی) بەروبوومەکانی شەقڵاوەی بە کارێکی رەسەن و درێژە پێدانی پیشەی دێرینی باوك و باپیرانی زانی، هەندێك لە بەرهەمە باشەکانی شەقڵاوەی لا زۆر پەسندبوو، وتی "زۆربەی بەروبوومەکانی شەقڵاوەم حەزلێیە بەڵام هەندێکیان زۆر نایابن، وەك: دۆشاوی ترێ، دۆشاوی گەراز و سرکەی هەنار"

### جۆری بەروبوومەکان

وەلید خۆشناو خاوەنی فرۆشگای کۆیستان سەبارەت بە بەرهەم هێنانی ئەم جۆرە بەروبوومانەی کە لە لای ئەوان





دەست دەکەون، وتی: ئەم بەروبوومانە زۆر تایبەتن لە هیچ شوێنێکی تری کوردستان بەرهەم ناهێندرێن، بەڵکو دەتوانرێت وەك بەروبوومێکی خۆماڵی سەیربکرێت، دەربارەی جیاوازی بەرهەمە دەستکردەکان لەگەڵ بەرهەمی کارگە بیانیەکان دەیوت: "لە وانەیە لەدەرەوە لەم جۆرە بەروبوومانەی ئێمە هەبێت، بەڵام جیاوازیەکە لەوەدایە ئێمە بەدەستی بەرهەمدێنینو تامێکی تایبەتی پێدەبەخشێت" سەبارەت بە جۆری بەرهەمەکانو ڕێگاکانی بەرهەمهێنانی بەروبوومەکان وەلید وای خستەڕوو کە چەندین جۆر وشێواز بۆ دروستکردنی ئەم بەرهەمانە بەکاردێت، لەوانە: نانەقەیسی، نانە گەراز، نانە سێو و نانە هەرمی، هەروەها جۆری شلەمەنیەکان وەك: تەمەر هندی، تەمەر کوردی، دۆشاوی ترێ، دۆشاوی هەنار، دۆشاوی سێو و هەلوژە، ..تد بەرووبومە وشککراوەکانیش ئەمانەن: لەتکە هەنجیر، لەتکە هەرمێ، بڕمان کە پاشماوەی وشکراوی هەنارە، شاتوو، هەروەها بەرهەمە ساغو ڕەقەکانیش: برنج، ماش، گوێز، سماق، سجوقی ڕەش و سەدەف.

کاتی بەرهەم هێنان

دەربارەی کاتی بەرهەم هێنانی ئەم جۆرە بەرووبومانە، دیارە بە هۆی پشت بەستن بە بەرهەمە خۆماڵیەکانو بەروبومی باخەکانی شەقڵاوە دەبێت، بەمەش پێویستی بەکاتی دیارکراوی خۆی هەیە بەپێی ئەو تایبەتمەندیەی کە بەرهەمێکی تێدا پێئەگات، (حاجی فەرخ) یەکێکە لەو کەسە بەتەمەنانەی کە ماوەی پەنجا ساڵە ئەو جۆرە بەروبومانە بەرهەمدێنێت، وای بۆ باسکردین کە هەموو بەرووبوومێك بەهۆی چوار وەرزی ساڵ کاتی پێگەیشتنی بەرهەمەکە دیاری دەکاتو وتی:" بەگشتی زۆربەی بەرهەمەکانی شەقڵاوە لە هاوینو پاییزدا بەرهەمدێنو لە زستانو پاییزدا دەفرۆشرێنەوە" بەڵام دەکرێت وەرزی بەرهەمەکان دەست نیشان بکرێت، لەوانە نانە سماقو گەراز لەمانگی ئاب تا تشرینی دووەم کۆدەکرێنەوە، گوێز لەمانگی تشرینی یەکەم دەبێت، برمەی هەنار لەمانگی شوباتو ئاداردا بەرهەمدێت، نانە گەراز و هەڵوژەو ئاوی خۆخ لە مانگەکانی ئەیلولو تشرینی یەکەمدا دروست دەبێت، هەروەها زۆربەی مرباکانو دۆشاوەکانیش لەوەرزی هاوین ئامادە دەکرێنو لە وەرزی زستاندا دەفرۆشینەوە.

شێوازی دروستکردن

هەرچەندە چەندین ڕێگای تایبەتی هەن بۆ دروستکردنی ئەم جۆرە بەرهەمانە، کە لەکۆنەوە وەك پیشەو کەلەپوری کوردەواری بەکارهاتووەو چەندین وەستای کارامە لەم بوارەدا لەشەقڵاوە سەریان هەڵداوە، بەڵام بۆ پەرەپێدانو پێشکەوتنی پێویستی بەدەست ڕەنگینیەکی زۆرترو باشترینو جوانترین شێوازی چۆنیەتی وەبەرهێنان هەیە، هەریەك لەو بەرهەمانەش ڕێگای تایبەتی خۆی هەیە بۆ چۆنیەتی بەرهەمهێنانی، بەڵام بە گشتی دووجۆر ڕێچکە هەیە ئەویش، ڕێگەی کولاندنو وشککردن، هەر بۆ نموونە: دروستکردنی نانە قەیسی کە زۆر ماندوویەتی دەوێت، لەدوای کولاندنی قەیسیەکە، شەکر یاخود لیمۆندزی بەپێی پێویستی ترشو شیرنی قەیسیەکە تێی دەکەیت، لەسەر ئاگرێکی خێرا ٥-٧ سەعات دەکوڵێت، تاکو کەرەستە پەیت دەبێت، دواتر لەنێو گونەییێك دەپاڵاوترێت، ئینجا نایلۆنێك یاخود سنیەك دوای ئەوەی بە ڕۆنی زەیت جوان چەوری دەکەیت، ئاوەکەی لەسەر ڕوودەکەیت پاش وشکردنەوە بەنان یاخود کیلۆ دەخرێتە بازارەوە.

ساغکردنەوەی بەرهەمەکە

دوابەدوای ئەوەی بەرهەمەکان لەخاوەن باخەکان دەکڕێنەوە پاشان لەرێگاری وەستا دەست ڕەنگینو لێزانەکان بەروبوومێکی نایابی لێدروست دەکرێت، ئینجا لەڕێگەی چەندین دوکانی تایبەت بەبەروبوومی خۆماڵی دەخرێتە ناو بازارەوەو پێشکەش بە گەشتیاران دەکرێت، جگە لەوەی لەلایەن کڕیارو بازرگانانی شارەکانی تری کوردستان دەکڕدرێتو لە زۆربەی سوپەرمارکێتەکانیش وەك بەرهەمێکی خۆماڵی لەپاڵ بەرهەمە بیانیەکان دەفرۆشرێت، بەروبوومی شەقڵاوە لە زۆربەی بازارەکانی شارەکانی خواروو وناوەڕاستی عیراق داوایەکی زۆری لەسەر هەیە.